## بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان چییان لێهات؟

**(بەشی ٢)**

بابچینە سەر باسی بەڵگەنامەکان.

بۆکان لقی ساواکی لێ نەبوو و هەربۆیەش چاوەڕوان نەدەکرا بەڵگەنامەی گرنگی لێ وەدەست بکەوێت.* تاقە جێگەیەک کە زیاتر بۆنی ئەوەی لێدەکرا بەڵگەنامەی سیاسیی لێبێت، شەهرەبانی و ژاندارمری بوون. شۆڕای انقلابی بۆکان لە شەهرەبانی دامەزرابوو و ئەفسەر و پاسەوانەکانی ڕایان کردبوو یا خۆیان شاردبووەوە. هێشتا من لە تەورێز بووم کە شەهرەبانی گیرابوو و ئەندامانی شۆڕای انقلاب چووبوونە سۆراغی ئەوڕاق و بەڵگەنامەکان.

لەبەر ئەوەی ئەندامانی شۆڕا هەمەچەشنە و سەر بە هێڵی فیکری و سیاسی و حزبیی جیاواز بوون هەندێک لەیەکتر دڕدۆنگ بوون و کاتێ من چوومە شۆڕا لە هەندێکیانم دەبیست کە کەسێکیان تاوانبار دەکرد بەوەی دەستی گەیاندبێتە بەڵگەنامەکان و هەندێک بابەتی لێ هەڵگرتبێتن کە واهەبوو پێی باوکی خۆی بگرێتەوە وا بە ساواکی دەناسرا.

لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی شۆڕادا، من و کاک حەسەنی شەمسی – کە خەڵکی مەهاباد و دەبیری دەبیرستانی بۆکان بوو، کراینە مەئمووری ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکانی شەهرەبانی و ژاندارمری. دەبوایە ئێمە لەناو کانوونی موعەللیماندا چەندکەس وەک یاریدەدەر هەڵبژێرین و دەست بەکاری خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بکەین. ئێمە ٣ کەسمان هەڵبژارد کە هەرسێکیان خۆش نێو و جێگەی بڕوای خەڵک بوون. ناوی ئەو کەسانە ناکرێت ڕابگەیێنم.

هەنگاوی دووهەم دۆزینەوەی شوێنێک بوو کە بتوانین بەڵگەنامەکان لە شەهرەبانییەوە بەرینە ئەوێ و بە نهێنی و بە هەستەوە و تەنانەت بە بێ ئاگاداریی ئەندامانی شۆڕا دەست بە خوێندنەوەیان بکەین. قوتابخانەیەکی بۆکان دەست نیشان کرا و بەڵگەنامەکان ڕاگوێزرانە ئەوێ. سەرەتا ڕۆژانی هەینی و پاشان دوو ڕۆژی هەفتە بە بێدەنگێک دەچووینە شوێنەکە و بە ئامادەبوونی هەموو لایەنەکان، فایلی بەڵگەکان دەردەهێنران، لە سەر مێزێکدادەنران و دەخوێنرانەوە.

فایلێک کە ئەودەم بۆ ئێمە لە هەمووان گرنگتر بوو ئەوە بوو کە پەیوەندی شەهرەبانی بۆکانی بە ساواکی مەهابادەوە دەدا. بە حەز و ئێشتیای زۆرەوە سەیرمان کرد بەڵام تاقە شتێک کە لە فایلەکەدا دەست دەکەوت ئەو نامانە بوون کە لە ساواکی مەهابادەوە گەیشتبوونە شەهرەبانی بۆکان و داوایان

---

* دەگوترا، گوایە ع. ق. - مامۆستایەکی قوتابخانە لە بۆکان، کە جاسووس و هەواڵدەری ساواک بوو، چەند مانگێک پێش شۆڕشی ١٣ خانووبەرەیەکی گەورەی لە سەر جۆگەی ئاوی ئاشی خانم، پشت ماڵی کاک جەعفەری قزڵجی دروست دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو ماڵە بۆ ساواک دروست دەکرا بەڵام شۆڕشی ١٣٥٧ بەسەردا هات و دەزگای ساواک پێچرایەوە و ماڵەکە بوو بە هی خۆی!

کردبوو بە فڵانە کەس ڕابگەیێنن ڕۆژی فڵان بچێت بۆ ساواکی مەهاباد، واتە نامەی ڕەسمی و ڕەق وتەق. زۆرێک لەو کەسانەی وا بانگ کرابوونە مەهاباد خەڵکی ئاسایی و خۆش ناویش بوون کە ساواک لێی هەڵپێچابوون و هاتوچۆی پێکردبوون، دەنا ئەوانەی وا گومانی هاوکاریی ساواکیان لێ

دەکرا قەت بەو شێوەیە بانگ نەدەکران و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ ساواکی مەهاباد بۆ هەڵدەبەسترا. لەو فایلەدا هیچی وا دەست نەکەوت.

فایلێکی دیکە کە خوێنرایەوە فایلی پاسەوانێک بوو لە ناو شەهرەبانی بۆکان بەرپرسی ڕاستەوخۆی پەیوەندیی لەگەڵ ساواکی مەهاباد بوو. لەبیرم نییە ئەو پۆستە، لەکەیەوە دامەزرابوو بەڵام یەکەم کەسێک کە ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەدەست بوو پاسەبانێکی خەڵکی مەهاباد بوو کە پێی دەگوترا میرزا.... و من ناوەکەیم لەبیر نەماوە. کابرایەکی هێدی و هێمن کە نێوانی لەگەڵ خەڵکی شار گەلێک خۆش بوو و کەس ڕقی لێی نەبوو. دەرەنگتر ئەم پۆستە بە ڕ. غ. ئەسپێررابوو کە پاسەوانێکی بۆکانی بوو. بۆ ماوەیەکیش هەردوکیان پێکەوە ئەو کارە یان کردبوو!

ڕەنگە خوێنەر بیەوێت بزانی ئەو دوو پاسەوانە بۆ کارەکەیان مانگانە چەندیان لە ساواک وەرگرتبوو. بەگوێرەی فایلێکی سێهەم کە سەیرمان کرد، سەرەتا بودجەی مانگانەی شەهرەبانی بۆ ئەم کارە ١٠ تمەن بوو (١٠ تاقە تمەن، نەک دە هەزار!) لە کۆتاییەکانی تەمەنی ڕژێمی شادا ببووە ٢٠ تمەن کە لە نێوان یەک لەو پاسەوانانە و کارمەندێکی شەهرداری دابەش دەکرا، واتە یەکی ١٠ تمەن. کارمەندەکە، خەڵکی بۆکان و دۆست و خزمی ڕەشیدی حەسەن زادە کارمەندی ساواکی مەهاباد بوو و ئەو شوغلەی بە مانگی ١٠ تمەن دەکرد. ئەرک و کاری کابراچی بوو؟ ئەوە لە بەڵگەنامەکان دەرنەدەکەوت؛ بەڵام دەبێ شتێک بووبێت وەک ئەوەی پاسەوانەکان، دەنا بۆ هەواڵ ناردن – کە بەدڵنیایی ئەویشی بۆ دەکردن، دەبێ پارەیەکی زیاتریان پێ دابێت.

ئێمە دوای پێداچوونەوەی بەشێک لەبەڵگەنامەکان هەندێکیانمان دایە شۆڕای انقلاب و لەسەر بڕیاری ئەوان کۆپیمان لێ هەڵگرتن و کۆپییەکانمان دا بەدیواری شارەوە بۆ ئەوەی خەڵک بیان بینن. شوێنەکەم لەبیرە لای بانکی میللی و دووکانی کتێب فرۆشی کاک کەریمی سالمی بوو؛ بەڵام هەرچی دەکەم وەبیرم نایەتەوە سەبارەت بەچی و لەپەیوەندی کێ دابوون.

لە ناو بەڵگەنامەکانی شەهرەبانیدا ئەوەندەی لەبیرم بێت شکایەتنامەیەکی سەرنج ڕاکێش هەبوو. ڕێکەوتی سکاڵانامەکە دوابەدوای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بوو و بریتی بوو لە شکایەتی هەندێک تاجر و دووکاندار و خەڵکانی ناوبەدەرەوەی بۆکان لە نەمران حاجی قاسمی کەریمی، عەبدوڵلا ئێرانی، عەلی میرەبەگ و چەندکەس لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی هاوینی ١٣٣٢ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاواتی شار، ڕاپەڕینێک کە دەرۆیشت لەگەڵ ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی یەک بگرێت و تەخت و تاجی ئاغاواتی ناوچەکە بەبادا بەرێت، بەڵام کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ بەهانای ئێرتیجاعەوە هات و شۆڕشگێران کەوتنە بەر شەپۆلی گرتن و لێدران و زیندان و هەڵاتن و ئاوارەیی و لە یەک دوو حاڵەتدا، تەنانەت کوژرانیان بەدەست گزیر و باب نۆکەر و دارەدەستی ئاغاکان یا شەهرەبانی و ژاندارمری شار و گوندەکانیش.

ئاشکرابوو ئەو سکاڵانامەیە نە بە خواست و ئارەزووی خەڵک بەڵکوو بە زۆری شەهرەبانی کراوە و بەشێک لە خاوەن ئیمزاکان تەنانەت دۆست و خزم ودراوسێی شکایەت لێکراوەکان بوون. نموونەی ئەم

کاره چەپەڵە سوپای ئێران دوای هەرەسی کۆماری ١٣٢٥ ی کوردستانیش کردبووی و هەندێک کەسی خستبووە ناو شاری مەهاباد و دەوروبەری بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا و شکایەت و داخوازی ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار.هەربۆیەش ئێمە بڵاومان نەکردەوە و نەمانویست کێشەی کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتییەکی نەخوازراو لە نێو بنەماڵەکاندا دروست بێت.  من عەینی شکایەتەکەم دا بە کوڕی یەک لە شکایەت لێکراوەکان، کە کەسایەتییەکی ناسراو و جێگەی ڕێزی خەڵک بوو و حەساسیەتی مەسەلەکەی دەزانی. دڵنیام ئێستاش ئەو بەڵگەیە لە ماڵێک و لە شارێک پارێزراوە.

فایلێکی نزیکە بە ٢٠ لاپەڕەییش لەسەر کابرایەکی بانەیی هەبوو. کەسەکە لە بانە دووکاندار بووو لێرەدا ناوی ناهێنم. کابرا هاتبووە شەهرەبانی بۆکان و بە نووسین، نووسیبووی کە ئامادەم هاوکاریتان بکەم و هەواڵتان بۆ بهێنم بە مەرجێک کوڕەکەم لە دانشکەدەی ئەفسەری لە تاران وەربگیرێت. لێیان پرسی بوو بۆچی بۆکان؟ گوتبووی لەبەر ئەوەی لە بانە خەڵک دەمناسن و ناتوانم هاتوچۆی شەهرەبانی بکەم. من ئەو فایلەم دایە بەرپرسی ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە بانە و گوتم خۆتان لێی بکۆڵنەوە بزانن چییە وچۆنە.

لە ناو بەڵگەنامەکانی ژاندارمریدا چەند ڕاپۆرت و نامەی س. أ. - یەک لەئاغاواتی ڕۆژئاوای شاری بۆکانی تێدا بوو. هیچکامیان بایەخی ئەوتۆیان نەبوو و تەنیا لەیەکیاندا گوتبووی پیاوم ناردۆتە کوردستانی عیراق بۆ ئەوەی هەواڵی جەلیلی گادانی و کێ و کێ بزانم، ئەگەر پیاوەکەم گەڕایەوە هەوالەکانتان بۆ دەنێرم. وێدەچوو هەمووی هەڵبەستراو و درۆ بن و تەنیا بۆ خۆ شیرن کردن نووسرابێتن، دەنا شتی گشتی و ئاسایی بوون و ژاندارمری ئەو شتانەی لەو باشتر و زووتریش دەزانی.

جگە لە شەهرەبانی و ژاندارمری، بەخشداریی بۆکانیش کەوتبووە دەست شۆڕای ئینقلاب و هەندێک کۆبوونەوەی ئێمە و خەڵکی شاری لەوێ دەبەسترا. ڕۆژێکیان لە قاتی سەرەوە لە ژووری بەخشدار ئەوەندەی بزانم کۆبوونەوەیەکی کرێکاران یا بەنناکان هەبوو ومن لە پشت مێزەکەی بەخشدار دانیشتبووم. بەهەڵکەوت کەشەوی لای چەپی مێزەکەم کردەوە.  ئێمە تەنیا لە شەهرەبانی و ژاندارمری بەشوێن بەڵگەدا دەگەڕاین و لامان وانەبوو لە بەخشداریش شتێک دەست بکەوێت، بەڵام لە کەشەوەکەدا بە هەڵکەوت نامەیەکی قاسم ئاغای ئێلخانی زادەم بینی کە یە بۆ فەرماندەی سوپای مەهاباد یا بۆ ساواکی مەهابادی نووسیبوو. ڕێکەوتی نامەکە گەلێک تازە و هی دوای یەکەم خۆپیشاندانی خەڵکی شار دژ بە ڕژیمی  شا وگولـلەبارانیان لەلایەن شەهرەبانی بۆکان و کووژرانی کەماڵ حەمیدی و دوو لاوی دیکەی خەڵکی شار نووسرابوو و دیار بوو دەوڵەت گوشاری زۆری خستبووە سەر ئەو و هەندێک لە خەڵکانی ناوبەدەرەوەی شار بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکەنەوە  وئەویش نووسیبووی فلانە هەوڵمان داوە و فیسارە کار دەکەین و ناوی یەک لە برازاکانی خۆیشی هێنابوو کە لاوێکی شۆڕشگێر بوو و دیار بوو ساواک لێی دەترسا هانی خەڵک بدات، گوتبووی ئەویش هیچ ناکات. بەبۆچوونی من نامەکە هیچی نەدەگەیاند جگەلەو گوشارەی کە رژیمی شا لە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنیدا خستبوویە سەر خەڵک و یەک لەوان قاسم ئاغا و بەتایبەت چاویان لەو برازایەی قاسم ئاغابوو، کە پێشینەی هەڵسووڕانی سیاسی هەبوو و قسەی لەناو خەڵکدا دەڕۆیشت.

نامەکەم لەگەڵ خۆم بردەوە شۆرا و لەبیرم نییە دامە دەست چ کەسانێک. بەڵام وەک پێشتر گوتم شۆڕا نوێنەری هەموو ڕێکخراوە و حزب و تەیارە سیاسییەکانی تێدا بوو و ئەودەم کێشەی ئیدیۆلۆژی لە

نێوان حزبی توودەی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا هەبوو – ئەویان لایەنگری سۆڤیەت و ئەمیان چینی مائۆئیست. لەبیرم نییە من ڕاستەوخۆ بەڵگەنامەکەم دابێتە دەست ئەندامێکی توودەیی شۆڕا، بەڵام دوای یەک دووڕۆژ نامەکە وەک سەنەدی هاوکاری کردنی قاسم ئاغا لەگەڵ ڕژیم لە ڕۆژنامەی مەردوم ئورگانی حزبی توودەی ئێراندا بلاو بووەوە و پێی برازاکەیشی گرتەوە. من بێ ئەوەی پاکانەیەک بۆ خۆم بکەم دەڵێم ئێمە هێشتا بڕیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانمان نەدابوو و تەنیا بەشێکی کەمیمان پشکنی بوو. ئەم کارە بە بێ خواستی شۆڕا (وەک گشت) و ئێمەش وەک دەستەی پشکنینی بەڵگەنامەکان کرا وزەربەیەکی گەورەبوو نەک هەر لە قاسم ئاغا بەڵکوو لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و مائوئیستەکانی بۆکانیش.

من بۆیە ناوی قاسم ئاغام بە ڕاشکاوی هێنا کە بەڵگەکە هەر ئەودەم بڵاو بۆتەوە و خەڵکێکی زۆریش بینیویانە؛ هەروەها بە سەرنجدانە سەر ناوەرۆکەکەی دەردەکەوت کە شتێکی مەجبووری بووبێت و ئەو بایەخەی نەبووبێت کە لایەنێک پێیدا. دوابەدوای ئەم کارە و واهەیە لە ئەنجامی ئەودا بوو، کە لایەنەکەی دیکەش کەوتنە خۆ و بەڵگەنامەیەکی زانستگەی تەورێزیان بڵاو کردەوە کە بەگوێرەی ئەو، لاوێکی خوێندکار و زانایەکی سیاسی شاری بۆکان لە ساڵانی کۆتایی ڕژیمی شادا ڕاپۆرتی لە هەندێک خوێندکاری زانستگەکە دابێت، هەر ئەوەش بوو بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەو کەسە لە سیاسەت و خەبات، کە جگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆ کۆمەڵگای بۆکان نەبوو و باڵانسی هێزە دژکارە سیاسییەکانی تەواو پێ تێک چوو.

درێژەی هەیە